تەوەری نوسینو خوێندنەوە

### دلاوەر قەرەداغی (شاعیرو وەرگێڕ):

# خوێندنەوە وەک هەناسەدانو گوێ رادێران لەمۆسیقاو پیاسەی دارستان، پێداویستییە

**ئامادەکردنی: توانا ئەمین**

ئەمڕۆ نێوەندی روناکبیری کوردی لەکۆمیدیایەکدا ژیان دەکات، بەدەست دەردێکەوە دەناڵێنێت کەدەتوانین بەپەتای نەخوێندنەوە ناوزەدی بکەین! دەیان روژنامەی زەردو سەدان کتێبی هیچ لەبازاڕدا بەرچاودەکەون، دەزگاگەلێکی چاپو پەخش لەم هەرێمە بچوکەی ئێمەدا دەبینرێن کەبەزەحمەت لە بیۆگرافیاکانیاندا کتێبێک، تەنها یەک کتێبی چاک دەدۆزیتەوە، ئەگەر بەختت هەبێت.

رۆژنامەی هەرزان، نوسەرانی سادەگۆو پیشەیی، روشنبیری موزەیەفو بەناو روناکبیری بێئاگا لەدونیا، ئەمڕۆ لەلای ئێمە تاڕادەیەک هاوکێشەی نوسەرو خوێنەر لەپێچەوانەبونەوەدان، خوێنەرانێکمان لە ئاستێکدا هەن کەلێناگەڕێن هەموو شتێک بەسەریاندا تێپەڕێت، لەحاڵێکی وادا دەبێت نوسەری ئێمە حسابێکی جدی تر لەدەیەکانی پێشوو بۆ خوێنەر بکات.

ئێمە لێرەدا لەبارەی گرنگی خوێندنەوەو ئاشنابوون بە کتێبو کلتور، وەک دەروازەیەک بۆ دۆزینەوەی پێگەی خۆمان جارێک وەک مرۆڤو جارێک وەک نەتەوە، لەمەڕ بەهەند وەرگرتنی مەعریفە وەک مەرجی یەکەم لەپرۆسەی نوسیندا، ئیشی ئیلهامو رۆڵی مەعریفە لەبەرهەم هێنانی دەقدا، لەمەڕ ئەو پاشا گەردانییەی رۆژنامەوانیو رۆشنبیری کوردی، دەستەیەک روناکبیرو نوسەری جدیمان لەم تەوەرەدا کۆکردەوەو لەم پرسیارەدا پەیامی خۆمان کورتکردەوە:

لەکاتێکدا تێکستە گەورەکانی دونیا زادەی مەعریفەن نەک ئیلهام، کەچی نووسەری ئێمە کەم دەخوێنێتەوەو زۆر دەنووسێت! نووسینی دوای ئەم هەموو نەخوێندنەوەیە رۆشنبیریی کوردیو بەتایبەتیش ئەدەبیات بەرەو سادەگۆییو هیچ نەوتن نابات؟

### دلاوەر قەرەداغی:

بەڕاست خوێندنەوەچییە؟ چی هانمان دەدا بخوێنینەوە؟ ئایا کەئێمەنووسینگەلێکی داهێنەرانەمان کەمە، هۆکەی ئەوەیەنووسەری ئێمەکەم دەخوێنێتەوە؟ ئێمەهەر لەمنداڵییو خێزانو قوتابخانەوەچۆن لەسەر خوێندنەوەڕاهێنراوین و بۆ دەمانەوێ بخوێنینەوە؟ ئاخۆ خوێندنەوەی کتێب کولتوورەوئەگەر کولتوورەئایا ئێمەخاوەن ئەو کولتوورەین؟ ئایا ئێمەدەبێ زۆر بخوێنینەوەبۆ ئەوەی دەقی جوان بنووسین؟

ئەمانەو چەندین وردەپرسیاری تر لەپێوەند بەپرسیارەسەرەکییەکەی ئێوەوەدەوروژێنو هەریەکەیان بۆ خۆی لەسەروەستانو قسەکردنی زۆر هەڵدەگرێ. لەڕاستیدا گومانکردنیش لەخودی کتێبو جێهێشتنی کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر فیترییەتو چەمکی چاکەخوازی لای نووسەری ئێمە وەک ئینسان، بۆ خۆی باسێکی ترەو دەکرێ لەبوارێکی تردا قسەی لێبکرێ.

نووسەرگەلێک کەلەپرسیارەکەتاندا ئاماژەتان پێداون بەوەی کەم دەخوێننەوەوزۆرو بۆر دەنووسن، بەڵام ئاخۆ گەر ئەو هاوڕێیانە زۆر بخوێننەوەئیدی جوان دەنووسن؟ من پێموایەئەوەئیشکالیەتێکەولەبناخەوە پێوەندی بەبڕی کەم خوێندنەوەو زۆر نووسینەوەنییە، بەڵکو پێوەندی بە بەکوردیی نووسین و ئەو دونیاو کولتوورەپڕ لەژاوەژاوەی ئێمەوەهەیەکەهەر دوای نووسینی دوو سێ ستوون لەڕۆژنامەیەکو سازدانی دوو سێ چاوپێکەوتنو مسۆگەرکردنی هەندێک پیاهەڵدان و پێبەخشینی برێک شاباشو ئیمتیاز، ئیدی بەسەر دونیای نووسینو داهێناندا ساخدەبینەوەوهەتا دەمرین هەر دەنووسین. براوم وایەئەو هاوڕێیانەگەر بیشخوێننەوەولەباشترین حاڵەتدا بۆ ئەوەدەخوێننەوەتا لەکاروان جێنەمێنن، بۆ ئەوە دەخوێننەوەتا لەموجادەلەیەکدا دوو سێ دێڕیان پێبێ بیڵێنو وەک خەڵکانی مۆدێرنو خوێنەوارخۆیانی پێ نمایش بکەن. هەڵبەت من لێرەدا تەنێ باس لەجەوهەری خوێندنەوەلای ئەو تەرزەنووسەرەزۆرو بۆر نووسانەدەکەم نەک خوێنەرێکی ئاساییو جیددی کەڕوانگەی بۆ خوێندنەوەی کتێب تەواو جیاوازەو بەئاراستەیەکی تردا گەشتی خۆی لەگەڵ کتێبدا دەستپێکردووەوکتێب خوێندنەوەلەلای بووەتەجۆرێک لەپێداویستی. ڕوانگەی ئەو خوێنەرانەبۆ خوێندنەوەی کتێب لەخاڵێکی زۆر گرینگدا هاوبەشەلەگەڵ ڕوانگەی نووسەرێکی جیددی خاوەن دەقی داهێنەرانەدا بەوەی کەخوێندنەوەی کتێب لەلایان تەواو لەجێهێشتنی وڵات دەچێت.

پێموایەمرۆڤ هەر بەتەنها لەبەر هۆیەکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی یاخۆ سەفەرکردن و هەوا گۆڕین، وڵات جێناهێڵێ، بەڵکو هۆیەکی شاراوەو جەوهەری تر لەپشت سەفەرکردنەوەیەکەئەویش ونبوونی شتێکەو کەسی موسافیر(خوێنەر) پەرۆشی دۆزینەوەیەتی، شتێک کەهەمیشەون دەبێو کاتێکیش دەدۆزرێتەوە، تەماحی دۆزینەوەی شتێکی لەوگرینگتر بەدوای خۆیدا دێنێ. کتێبەکان کۆمەڵێک فەزاو جوگرافیای ترەوە. لەڕاستیدا ئەوەتەنها کتێبەکان نین کەهزرو ئەندێشەی نووسەر ئاودەدەنو لەڕۆح داهێزران دەیپارێزن و پڕی دەکەن لەئامادەگیی بۆ وەبەرهەمهێنانی دەقی جوان، بەڵکو سەفەرو جێگۆڕکێو بینینی وڵاتانی ترو ئەزموونکردنی هەناسەدان لەپانتاییگەلی کولتووری تردا، نەک هەر بەتەنێ بۆ ئەزموونی نووسین پێویستە، بەڵکو ئەو بەرکەوتنە،کەسی نووسەر تا ئاستێکی بڵندبەرامبەر نووسەربوونی خۆی دەخاتەگومانەوە، پێموایەدروستبوونی ئەو گومانەسەرەتایەکی گرنگەبۆ سەرلەنوێ خۆدۆزینەوەو

لێکحاڵیبوون.

هەر لەپەیوەند بەم تەوەرەیەوەو هاوشان لەگەڵ وروژاندنی ئەو پرسیارەی ئێوەدا، دەکرێ ئاماژەبەلایەنێکی ترلەمەسەلەی نووسین و بەرهەمهێنانی دەقی داهێنەرانەدالەدەرەوەی کتێبو خوێندنەوەوەبدرێ، کەئەویش پێکهاتەی کەسێتیی و ئەزموونی شەخسی نووسەری ئێمەیەهەر لەژیانی ڕۆژانەی خۆیەوەتا دەگاتەئەزموونی بینین و سەفەر و بەرکەوتنی بەڕووبەری تر و

سیستمی خوێندن ڕێک بەئاراستەی دژایەتی کردنی پەروەردەی خوێندنەوەو کولتووری خوێندنەوەداکاری کردووەو ئێمەیش زوربەی زۆرمان دەرچووی ئەو قوتابخانەو زانکۆیانەین. قوتابخانەوزانکۆکانی ئێمەلەبری ئەوەی حەزی گەڕانو خوێندنەوەی جیددی لەقوتابیدا پەرەپێبدەن، ئەو حەزەی تێدا دەکوژنو ڕێگاکانی گەڕانو هەڵگۆزانی پرسیاری لەبەردەمدا دادەخەن. سیستمی خوێندنی ئێمەهەمیشەلەگەڵ کتێبەکانی دەرەوەی قوتابخانەدا دوژمنایەتی هەبووەو کەم نین ئەو ساتانەی کەمامۆستا ئاگاداری کردووینەتەوەکەنابێ لەوەڵامی پرسیارەکانیاندا لەوکتێبەی کەبۆمان دیاری کراوەلابدەینو دەرچین. باخچەی ساوایان کەخۆی دەبێ بناخەو جێگایەکی پڕ جووڵەو مانادارو دەلالەتی گەورەبێ بۆ پێکهێنانی کەسێتی منداڵو برەودان بەچێژو ئەندێشەو دروستکردنی گیانی گەڕانو خۆشویستنی کتێب تیایدا، کەچی بەچەند گۆرانییو ئۆپەرێتێکی ناخۆش ئەو تەمەنەپڕ لەجووڵەو ئامادەگییەی منداڵی ئێمەبەڕێدەکرێ. دیارەناکرێ ئەو

**سەفەرو جێگۆڕکێو بینینی وڵاتانی ترو ئەزموونکردنی هەناسەدان لەپانتاییگەلی کولتووری تردا، نەک هەر بەتەنێ بۆ ئەزموونی نووسین پێویستە، بەڵکو ئەو بەرکەوتنە، کەسی نووسەر تا ئاستێکی بڵندبەرامبەر نووسەربوونی خۆی دەخاتەگومانەوە،**

**قوتابخانەوزانکۆکانی ئێمەلەبری ئەوەی حەزی گەڕانو خوێندنەوەی جیددی لەقوتابیدا پەرەپێبدەن، ئەو حەزەی تێدا دەکوژنو ڕێگاکانی گەڕانو هەڵگۆزانی پرسیاری لەبەردەمدا دادەخەن. سیستمی خوێندنی ئێمەهەمیشەلەگەڵ کتێبەکانی دەرەوەی قوتابخانەدا دوژمنایەتی هەبووە**

وڵاتورێگای باریکو پێچاوپێچن کەدەچنەوەسەر فەزا و وڵات و ڕێگاگەلی باریکو پێچاوپێچی تر... موسافیری ئەو وڵاتو ڕێگایانەهەمیشەخەڵکانی زاهید و ساکار و خانەگومان و ماندوون، قەت لەدووی ئەوەنین خوێندنەوەی کتێب بکەنەدەسمایەبۆ کاسپی نووسین. خوێندنەوەواتەهەبوونی پرسیار و گومان و شوێنپێ هەڵگرتن، کەئێمەخاوەن هیچ گومانێک نەبین و هیچ پرسیارێک نەبێت بەدوای وەڵامەکەیدا بگەڕێین و هیچ شتێکمان لێ بزر نەبووبێ پەرۆشی دەستپێکردنەوەبەڕۆحێکی ترەوە. لەخۆڕا نییەهەندێک لەئێمەمانان لەمیانەی بینینی ئەو ئەزموونەدا ئازایانە بەیەکجاری واز لەنووسین دەهێنین و هەندێکی تریشمان بەهەمان خەیاڵو لۆژیکی بەکوردی نووسینەوە، بەڵام ئەم جارەیان بەکۆمەڵێک پۆزی حەکیمانەو لافوگەزافی بلیمەتفکرانەوە، لەسەر بەرهەمهێنانی شیعرو چیرۆکی خۆمان بەردەوام دەبینو لەسەر هەموو شتێک دەنووسینو قسەدەکەینو ساڵانەهەزار دیدارو چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕۆژنامەو هەوڵەتاکوتەرایانەلەبەرچاو نەگیرێن کەئەمڕۆ لەکوردستان لەو ڕووەوەلەلایەن خەڵکانێکی دڵسۆزو خەمخۆرەوەدەدرێن، بەڵام ئەو هەوڵانەتەنها باڵو کورت مەوداو تاکەکەسینو ناتوانن شتێکی ئەوتۆ لەکۆی وێنەگشتییەکەبگۆڕن.

مەبەستمەبڵێم کەئێمەدەبێ لەبناخەوەو هەر لەمیانەی خودی سیستمیپەروەردەو خوێندنەوەڕوانینو گۆشەنیگای کۆمەڵگەبۆ خوێندنەوەو بۆ کتێب بگۆڕین، دیارەئەم ئەرکەلەزەمەنێکدا

**خوێندنەوەواتەهەبوونی پرسیار و گومان و شوێنپێ هەڵگرتن، کەئێمەخاوەن هیچ گومانێک نەبین و هیچ پرسیارێک نەبێت بەدوای وەڵامەکەیدا بگەڕێین و هیچ شتێکمان لێ بزر نەبووبێ پەرۆشی دۆزینەوەی بین، ئیدی تەنها وەک مۆد و بۆ کات بەسەر بردن و خۆدەربازکردن لەبێزاریی، کتێب دەخوێنینەوە**

دۆزینەوەی بین، ئیدی تەنها وەک مۆد و بۆ کات بەسەر بردن و خۆدەربازکردن لەبێزاریی، کتێب دەخوێنینەوە، کەچی خوێندنەوەخۆی وەک هەناسەدانو گوێ رادێران لەمۆسیقاو پیاسەی دارستان پێداویستییەو خاڵێکەتیایدا جەستەو ڕۆح دەگەنەئەوپەڕی هارمۆنییەتو گۆڤارەکانی کوردستاندا سازدەدەین.

هەر سەبارەت بەکێشەی کتێب خوێندنەوەو کولتووری خوێندنەوە، حەز دەکەم لەو ڕووەوەئاماژەبەلایەنێکی تر بدرێ کەئەویش هەنگاونانەبۆخولقاندنی پەروەردەی خوێندنەوەو کولتووری خوێندنەوە. ئەم لایەنەتەواوێک تێهەڵکێشی پەروەردەو کولتووری خوێندنەکەبەداخەوەلای ئێمەخوێندنو قورسترەکەتۆڕەکانی پێوەندی لەوپەڕی خێراییو کاریگەریدانو لەکۆمەڵگەیەکدا کەخوێندنەوەنەبووبێتەپێداویستیو کولتوور، ئیدی کتێب دەشێ بەسانایی ببێت بەژێر هوروژمی وەسوەسەو ئیغرائاتەکانی جیهانگیرییەوە■


دلاوەر قەرەداغی